کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13-11-2007 16:00

## هەرفیلم مابوو سامانی ئەم میللەتە بکاتە فلیم ... هەردی شەفیق

ئەگەرچی هونەری سینەما لەنێو جیهاندا پێگەو پایەیەکی تایبەتی هەیە ولە سەروی هەموو هونەرەکانی ترەوەیە لەبەر ئەوەی توانایەکی فراوانی هەیە بەهۆی کۆکردنەوەی سەرجەم بوارەکان لەخۆیداو گرنگیەکی تەواوی پێئەدرێت وپارەیەکی خەیاڵی تیا خەرج ئەکرێت وداهاتێکی خەیاڵیش لی وەبەرهەم دێت. لی لای خۆمان هێشتا لای ئەو کەسانەی نەك لەو هونەرە نەگەیشتوون بگرە ناشزانن بۆچی باشە بۆ سوکایەتی کردن وشەی سینەما بەکاردێت ئەگەر نوسینەکەی (ڕێبوار ڕەزا چوچانی) بخوێننەوە لە ڕۆژنامەی میدیادا لەسەر فیلمی (کەواتە چاوەڕی بە) ی (جوان بامەڕنی) ئەو کاتە لەبری جنێوی ناشیرینیش وشەی سینەما بەکار ئەهێنن.

جاری ئەگەر کەمێك لەباسەکەی کاك ڕێبوار گەڕێین و بێینە سەرباسی هەندێك بەنێو سینەماکاری کورد سەری زمان وبنی زمانیان (ئایندەی سینەمای کوردی لەخەتەردایە) من نازانم کام ئایندەی سینەما؟!تائێستا ئەوەی کەبەنێوی فیلم چووەتە فیستیڤاڵەکان و توانیویەتی جی پی ی خۆی بکاتەوە جگەلەکارەکانی (بهمن ی قوبادی وجەمیل ڕۆستەمی وهونەر سەلیم و جانۆ ڕژ بەیانی) ویەك دوانێکی تر لەکۆنیشدا سینەماکاری گەورەی کورد یەڵماز گۆنای ی لێدەرکە شتێکی ئەو تۆی لێنامێنێتەوە ڕوی ئەوەی پێوەبێت نیشانی جیهانی بدەیت.

ڕێبوار ڕەزا لەسەرەتای باسەکەیدا دەڵێت (لەوڵاتی ئێراندا خەرجی ستانداردی فیلم ی سینەمایی (150) تا (300) هەزار دۆلارەو داواکاری نیو ملیۆن تایەك ملیۆن دۆلار لەوەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ فیلمی سینەما کراوە!خۆ ئەگەر مرۆ ئەلف و بێ ش لەیەك نەکاتەوە بەزەیی بەحاڵی ڕوت وڕەجاڵی سینەمای کوردیدا دێتەوە لەوبواردە ئەوەندە کلۆڵە نەکلەچاو سینەمای جیهانیدا بەڵکو هێشتا لەچاو دەوڵڵەتانی دراوسێشدا دارەدارەیەتی. لەهەمووشتێك خۆشتر ئاخۆ کە دەرهێنەری لەوشێوەمان هەبێت بۆچ تا ئێستا یەك چەند فیلمێك کەلەپەنجەکانی دەستێك تێنا پەڕن لەکوردستاندا چووتە فیستیڤاڵەکانی دەروە.

دواتر ئەوبەڕێزە دێتە سەرباسی خەرجی ئەو فیلمە کەسەرەتا بڕیار (800) ملیۆن دینار بووە کە حکومەت ناهەقی لێکردوون تەنها (400) ملیۆن دیناری بۆ خەرج کردون!دواتریش دەرهێنەر دەستی کردووە بەتەخشان وپەخشانکردنی ئەو پارەو بژاردنەوەی قەرزەکۆنەکانی فیلمی گردی پیرۆز کەخەرجی فیلمەکە لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیریە وئەویش لەحکومەتی هەرێمە کوردستان کەبەخوێنی ئەو ئەنفل وکیمیاوی بارنکراو شەهیدو ماندووبوونی ئەو پێشمەرگە کۆنانە کەوەزیری ڕۆشنبیری خۆی یەکێکە لەوان بووە بەم حکومەتەی ئێستا هاتووەتە بەرهەم!پارەی ئەو ئەنفالانەیە کەخانوەکانیان زمانیان هەبووایە مانشێتی هەموو ڕۆژنامەکانیان داگیر ئەکرد. دەستیان هەبووایە بەردیان ئەگرتە حوکومەت هێندە ڕوت وڕەجاڵن. پارەی ئەو ژنە ڕەش پۆشانەیە کەهێشتا بەکرێکاری لەدوای ئەنفال کردنی کەسو کاریان ژیان دەگوزەرێنن وبەچیلکەو دار نان ئەکەن وو هێشتاش بەرکەوتوەکانی چەکی کیمیاوی لەبەر زۆری تێچونی پارەی خەرجی ئەبردرێن بۆ تاراننەك بۆ ئەوروپا بۆ چارەسەر!هێشتا پێشمەرگە کۆنەکان وبنە ماڵەی شەهیدەکان لەپێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیان بێبەشن هەیانە مرۆڤ دەیبێنی بەو حاڵەوە بێز لەخەبات وقوربانیدان ئەکاتەوە بۆ جارێکی تر. ڕەنگە کاکی دەر هێنەریش بڵێت جا ئەوە چ پەیوەندیەکی بەسینەماوە هەیە؟بەڵام دەبێت ئەوو سەرجەم خەڵك و دەستڕۆشتوەکانیش ئەو حەقیقەتە بزانن کەئەو پارە پارەی دەمی ئەوانە.

دواتر دێتە سەرباسی شەوە سورەکانی نێو کاری دراماکە کە ئەکتەرکان لەگەڵ کاولی وسەماکارە عەرەبەکان سێکس یانکردووە. من نازانم مرۆڤ چۆن شەرم نایگرێت بەسەر خوێنی ئەنفال وشەهیدو برینداو قوربانیەکانی ئەم میللەتەوە لەگەڵ سەماکرێکی عەرەب شەوەسورەکانت بەڕێ بکەیتو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەیارەکەی ژێرت بگۆڕیت وکۆنە قەرزەکانت پێ ببژێریت!بۆیە بەلاتانەوە سەیر نەبێت حاڵی سینەمای کوردی لەهەر چوار پارچەکەدا لەحاڵی پاشماوە قوربانیەکان باشترنەبێت ئەو هەمو پارەش بۆ فیلمێك تەخشان وپەخشان بکرێت وئاخۆ چیتریش کرابێت هێشت ا پەردەی لەسەر هەڵنەماڵرابێت. لەهەمووشی نەگبەتی تر وەزارەتی ڕۆشنبیری بەناوی سینەماوە دوجار کڵاوی کرابێتە سەر ئاخر کەفیلم بۆ تەهۆکاری ئەوەی پەیداکردنی سۆزانی وپاروی دەمی ژنە ڕەشپۆشەکانی ئەنفال ودایکی شەهیدەکان بدرێت بە (سەباح وحەنان) بۆ تێرکردنی غەریزەی بەرهەم هێنەری فیلمەکانمان لەکاتێکدا کەژمارەیکی کەمیان لێدەرچێت کەلەپەنجەکانی دەستێك تێناپەڕێت مرۆ کەفیلمە کانیان دەبینێت ڕاستەو خۆ ئەو سینەمایەی بیر ئەکەوێتەوە کەخەڵك بۆ سوکایەتی بەکاری ئەهێنن. ئەمە لەکاتێکدا مەوقیفی کەسێکی وەك قوبادی لەدوا ی تەواکردنی (ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان) کەخەڵاتی نەقدی بەبڕی (5000) دۆلار وەرگرت تەواوی ئەو ڕێژەیەکی زۆری ئەو پارەی بۆ منداڵانی گوندەکان وژنێکی ئاوارە خرجکرد. من دەپرسم ئەگەر وەزارەت لەخەمی سینەماو هونەری کوردیدایە باشتر نیە ئەو هەموو پارە زۆرو زەوەندە لەدروستکردنی قوتابخانەیکدا بۆ سینەما کارێکی وەك بەهمەنی قوبادی خەرج بکات چەند لەبەرژەوەندی وەزارەت وهونەری کوردیدایەو چەند خزمەت بەسینەمای کوردی ئەکات؟من نازانم ئەم بەرهەمانە تاچەند خزمەت بەهونەری سینەمای کوردی و بەرژەوەندی گشتی ئەکەن وتاکەی سینەمای کوردی ئەوەندە کرچو کاڵ بێت ولەسەر پارەی وەزارەت وخوێنی خەڵك ئەو فیلمانە بێتە بەرهەم وئەوەشی تێدا ڕوبدات!ئەگەر دە فیلمەکەی تری وەزارەتی رۆشنبیری وەك ڕۆژنامەی میدیا ئاماژەی پێئەکات ئاوا بەتەمابێت ئەوا دەبێت ئەم میلەتە ڕەشو ڕوتە هەر بۆخۆی کڵاوی فیلمەکان بکاتە سەرو دەر هێنەرەکانیش کڵاو درو بن و. هە قە وەزارەت جارێکی تر ئەمەی بەسەردا تێنەپەڕێت و چونکە ئەو مەلهایەی هونەرمەند عومەر چاوشین باسی لێوەدەکات خەرجیەکەی پارەی خوێنی خەڵکە.

بۆنوسینی ئەم بابەتە سودم لەدوژمارەی ڕۆژنامەی میدیاو گۆڤاری ڕامان وەرگرتووە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.